کەرکووکخم – یازدە ... ئەمجەد شاکەلی

تە سەدان جار باسی دەردەکانی کەرکووک و ناگواستنی خەڵکەکەی و گواستنەوەی کارگەر و کارەندانی، بە کوردەکی سلەمانی، هەولێر یا دهۆک و بە تایبەتیش سلەمانی بکە، هەرگیز لێت تێناگات و پێیوایە کارەند کارەندو دەبە بگوزرێتەوە و ئەی خەڵکیش لە شارێکەوە ببرێتە شارێکی تر، ئەمە چی تێدایە و کە کارەندی هێناردش دەخرێنە جگەی تە، ئیدی ئەوە قانوونە و کەی کێشێ! ئەوان بەو جۆرە لە کێشە و نەهامەتییەکانی کەرکووک تێدەگەیشتن و ئێستایشی لەگەڵ بە تێیدەگەن. من بەیە وا دەڵێم، چوون دەیان جار تووشی ئەو گرنگێشە و مشتومڕە هاتووم لەگەڵ خەڵکانێکدا، کە تێگەیشتنی ئەوان لەو کێشەیە، هەر هەندەی تێگەیشتنی عەرەبێکی فەللووجە، تکریت، بەسرە، بەغدا یا شوێنێکی دیکەی عیراق بووە. ئەو دەمەی لە کەرکووک بووم، چەند شوێنکم گۆڕی و هەر دەمە و لە جگەیەک دەژیام، دەمێک لە گەڕەکی عەرەسە و ئیمام عەبباس و دەمێک نزیکی حەمامی عەلی بەگ و دەمێک کۆتانەکەی شوکر نەججار، لە خانووەکەی میمکە(مەحشا)ی دیاندا، کە لە کۆندا خوێندنگە بووبوو لە نزیکی سینەمای سەلاحەددین و دەمێک لە هوتێل زهوور لە نزیکی مەرکەز عام و دەمێک لە هوتێل موەففەق(موفق) و ماوەیەکیش لە ڕەحیماوا و دواجاریش پێش گواستنەوەم یا ناستر وەدەرنانم بە هەولێر، چونکە بە تێبزی بوو نێک بە خواستی خۆم، لە هوتێل (جیهاد)، لەگەڵ هاوڕێیەکی دیکەمدا ژوورێکمان پێکەوە گرتبوو. هاوڕێیەکەم مامۆستای ئامادەیی بوو و کە هاوین هات، گەڕایەوە کفری و منیش یەک دوو حەفتەیەک بە تەنیا مامەوە. پاش ئەو ماوەیە، خاوەنی هوتێلەکە پرسیاری لێکردم، کە کوێکی تازەهاتوو هەیە، ئەگەر من پیم ناخۆش نەبێت، ئەوا بیخاتە ژوورەکەم و بەوەش کرێیەکەم کەمتر دەبێتەوە. منیش زۆر بەلامەوە ئاسایی بوو و قایل بووم. هەر بە شەوێ ئەو نەفەرە نوێیە هاتە ژوورەکەم. لاوێکی دەوروبەری 21-22 ساڵان بوو و هەر دوو سێ ساڵێک لەمن گچکەتر بوو. عەرەب بوو و خەڵکی دەوروبەری تکریت بوو. ئیدی کە بوو بە هاوژوورم و زووزوو یەکدیمان دەدیت، قسەوباس کەوتە نێوانمانەوە. ئەو باسی خۆی بۆ دەکرم و زۆر بە شانازییەوە دەیگوت، کە تەنێ خوێندنگەی سەرەتایی تەواو کردووە و بە مووچەیەکی 130 دیناری لە کارگەی گۆگرد(کبریت)ی کەرکووک کاری بۆ دابین کراوە و ناردوویانە بۆ کەرکووک و ئێستا بە شێوەیەکی کاتیی لەو هۆتێلە

دەژی و پاشتر خانووی بۆ دابین دەکرێت و دەبێتە خاوەنی ئۆتۆمبیل و هەموو ئامرازەکانی ژیانی بۆ مسۆگەر دەکرێت و ژن دەهێنێت و منداڵی دەبێت و دەبێتە خەڵکی کەرکووک. لە قسەکانیدا شێخیی بە من دەکرد، کە زانستگەم تەواو کردووە و هەموو موچەکەم 42-43 دینارە و نە خاوەنی ماڵ و نە خاوەنی خانووم و نە هیچیشم هەیە. منیش دەمەویست تێیگەیەنم، کە ئەو و ئەوانەی وەک ئەو، کە دەنێردرێنە کەرکووک، لەبەر عەقڵ و کارزانی و لێوەشاوەییان نییە، بەڵکە بۆ عەرەباندنی کەرکووکە و بۆ پێکردنەوەی جێگەکانی ئەمەیە و بۆ گۆڕینی هەموو شتێکی شارەکەیە و بۆ بنبڕکردنی کوردێ لە کەرکووک. کە زانیشی فەرمانی گواستنەوەم بۆ هەولێر دەرچووە، زمانی درێژتر بوو و پتر شێخیی بە هۆشی من و ئەوانەی وەک من دەکرد. نزیکەی یەک مانگ و چەند هەڤرێک لەگەڵ ئەو کۆدا هاوژوور بووین، پاشان من و سەدانی وەک من وەدەرنراین و ئەو و هەزارانی وەک ئەو جێی ئەمەیان لە کار و کۆمپانیا و گەڕەک و شەقامەکانی کەرکووکدا گرتەوە و بوون بە خاوەن ماڵ و تا ئەمڕۆش هەر خاوەن ماڵن.

11 – 05 – 2015

مارا ساد لە نێوان خوێندنەوە و نمایشدا … بەشی سێیەم

٤-٣

نوسینی: ڕزگار حەمە ڕەشید

(نمایشی مارا ساد بەرهەمی کۆی شانۆی با، بە هاوکاری بەڕێوەبەرێتی هونەری شانۆ و پەیمانگای هونەرە جوانەکانی سلێمانی؛ نوسینی پیتەر ڤایس، وەرگێڕانی شەرزاد حەسەن، دەرهێنانی هیوا فایەق، لە ٦/١١/٢٠١٦ و ڕۆژانی دواتر لە هۆڵی ڕەشنبیری سلێمانی نمایشکرا.)

[بە خوێندنەوەی ئەم بابەتە کلیکی ئێرە بکەن ….]

میدیای کوردی لە بازنەی گەمەکانی سیاسەتدا … نەژاد عزیز سورمێ … بەشی سێیەم

میدیای کوردی و سوود وەرگرتن لە تەکنەلۆژیای نوێ

لە ئاست سوود وەرگرتن لە تەکنەلۆژیا ، میدیای کوردی بە هەموو چەشنەکانییەوە توانیویەتی سوود لە هەل و مەرجە ڕەخساوەکان ببینێ ، ئەمەش سەرەتا زیاتر لە (میدیای نووسراو)دا ڕەنگی دایەوە ، بەوەی هەموو تایبەتایەتیەکانی چاپی بێ مەیسەر بوو کە تا پێش ئاپەڕین ئەوەی بە پێوانەی ئەوان ڕۆژگاران پێشکەوتوو بوو و لەگەڵ سەردەمدا هاتبووەوە تەنیا لە (بەغدا) هەبوو ، تەنانەت بەغدا تا ئەو دەمەیش مەبەندی بێ کابەری چاپکردن بوو ، چونکە کوردستان ئەگەرچی ژمارەیەك چاپخانەی تێدا بوو ، بەڵام چاپخانەی پەروەردەی لێ بترازێ (ژمارە2) کە ئەویش تایبەت بوو بە لە چاپدانی کتێبەکانی قوتابخانە و کتێب و بڵاوکراوەی دی لێ چاپ نەدەکرا ، تەنانەت کتێب و تاکە گۆڤاری(ئەمینداریەتی ڕۆشنبیری و لاوان)ی ئەوسا (کاروان)یش لە بەغدا چاپ دەکران ..

بەو ڕەنگە هات تا لە ناوەڕاستی نەوەتەکانی سەتەی ڕابردوودا ، تەکنیکی چاپ لە ڕۆژنامەنووسیی کوردیدا پێشکەوتنی بەرچاوی بەخۆوە بینی ، چەندان چاپخانە و دەزگای وەشاندن دامەزران .. بە هاتنی کۆمپیوتەریش ، جۆری چاپ لە ڕێگاکانی پێشووی تێپەڕاند…
دیارە هەمیشەیش تەکنیکی چاپ و دیزاین و دەرهێنانی هونەری بەشی زۆری بە پێشکەوتوویی ئامێرەکانی چاپەوە بەندە ، ئەگەرچی ڕۆڵی دیزاینەر و هونەرکارانیش جێی ئاماژە و لەسەر ئاوەستان بێ ، کە بێگومان لە هەموو بارەدا ئەوانن تایبەتایەتی بە ستایلی دەرهێنانی هونەری بڵاوکراوەکە دەدەن ، بەڵام بێگومان ، وەك وتمان دامەزراندنی چاپخانەی پێشکەوتوو هەروەها پێداویستەکانی دی چاپ ، بە تایبەتی ئامێری چنین و چاپ کردن و لایەنی دیزاین و جوانکاری و لێخەوتانی هونەرکارانی ڕۆژنامە و بڵاوکراوەکانی دی لە میدیای کوردیدا بە ئاشکرا دەرکەوت ، وای لێ هات چاپکراوەکان لەم ڕووەوە

بچنه خانەی کۆبەرکۆوە ؛ لەووی فۆنتی تایبەت بەخۆیان و هەوڵ دان بۆ ستایلی تایبەت لە بڵاوکردنەوەی وێنە و تایپۆگرافیای جۆراوجۆر و بایەخ دان بە تایتڵی سەرەکی و لاوەکی و دابەشکردنی ستوونەکان بەسەر بڵشایی لاپەڕەکاندا و لاپەڕەبەندی و هاوسەنگ ڕاگرتنی هەموو ئەو لایەنانە..

لەگەڵ ئەوەشدا ، چاپکراوەکان (ڕۆژنامە – گۆڤار – بلاۆکی دی) ، بە میدیای بیستراو و بینراویشەوە لە دیزاین و دەرهێنان و ستایلی شاشە ، لە یەکئەنوایی و لاسایی کردنەوەی میدیاکانی دەوروبەر و ئەوروپایی بەو ڕادەیە بەدوور نەبوون هەستی پێ نەکرێ ، ئێستاش زۆربەیان ، (هەندێکیان بە وەرگێڕانی ناوی خودی کەناڵەکەیش) کاریگەریی ئەو کەناڵانەیان تێدا شاراوە نییە...
وەکو گەیاندنیش ، میدیای کوردی تا ئێستا هەژاری پێوە دیارە ، تەنانەت ڕادیۆ و تەلەفزیۆنەکانیش بە هۆی زۆری و بڕییانەوە – ژمارەیەکی کەمیان لێ بترازێ کە لە پەنجەی دەستێك تێناپەڕن- ئەو گۆڕگر و بینەرەیان نەماوە ، تیراژی میدیای نووسراویش لەچاو ژمارەی دانیشتووانداً ، هیچ وەختێك نەگەیشتووەتە ئاستی جێی باسان ، بڵاوکردنەوەش لەو لاوە بوەستێ، کە ئەمە وەکو کوردستان دەزگایەکی گشتگیری حکوومەتی یان کەرتی تایبەتمان نییە ، لە کاتی خۆیدا ڕۆژنامە و کتێب بڵاوکراوەی دی بگەیەنێتە خوێنەر.
کەناڵە ناوخۆییە لێکاێیەکانی ڕادیۆ و تەلەفزیۆنەکانیش زۆربەیان ئەوەیان لێ دەخوێنرێتەوە کە بە مەبەستی قازانج زیاتر دامەزرێنرابن ، بەو کەناڵانەوەیش کە بۆ منداڵان خراونەتەگەڕ(23)!.

دیارە پێشکەوتنی تەکنیکی، پێویستی بە تەکنیکار ، یا ئەوەی پێی دەگوترێ کادیری پڕۆفیشناڵ و ڕۆژنامەنووسی بەکار و هاوچەرخ هەیە ، لەم ڕووەشدا ئەگەرچی هەندێ لە دەزگاکان بایەخیان بەم لایەنە دابێ ، بەڵام بە شێوەیەکی گشتی ، دیسان ڕۆژنامەنووسانی دوێنێ بە تاو و کەرەستەی ئەوساوە مەیدانەکەیان گرتووە ، بەتایبەتیش زۆربەی ئەوانەی لە (میدیای نووسراو)دا کار دەکەن...
ئەم مەسەلەیەش، مەسەلەی پێگەیاندن و ڕێگا خۆش کردن بۆ گەنجانی جیددی و کارا و خاوەن خەون تاڕادەیەك لە قەدی خۆیدا ماوەتەوە و هەوڵێکی بەڵاستیم لەو لایەنەدا نەدیوەو نەبیستووە ، کە بە ڕای من کروکی هەست بەخۆکردن و پێشەوی لە ژیانی ڕۆژنامەنووسیدا ، وەکو ناویان بە (پیشەی ماندووبوون) بردووە ، بەو ئاراستەیە دەکرێ...

لێ ئەوەی دەبینرێ و بەرچاوە ڕۆژنامەنووسان نەیانتوانیوە سنوری

ئەرك و ماف لێك جیابكەنەوە... كارەكە وێرانتریش بوو دوای دەسبكاربوونی ئەوەی بە (میدیای سێبەر) ناسراوە بە شێوەیەك میدیای خستە دەرەوەی كەوانەی (ئازادی – بەرپرسیاریەتی) ئیتر هەر تیرە و لە كەنداێ و هەر یەكە و بە ئاوازێ بێ لەیلای خێی و ناشیرین كردنی لەیلای خەڵكی دی لە ژێر سەردێری – ئەهلی و سەربەخێ- و ئازادیدا كەوتنە خوێندن لەیەكدی و بێ یەكدی !!
ێاستە ێەنگە هەندێ لەو میدیایانە هەوێیان دابێ (تاێادەیەك) هاوسەنگی ێابگرن ، بەێام خێ ێژنامەنووسی پڕفیشناێ و میدیای سەربەخێ (ئەگەر هەبێ) كاری هەر ئەوە نییە بەوە هاوسەنگی ێابگرێ كە مادەم بیرۆای (ئەلف)ی وەرگرت و پاشان هی (بێ) بەو مانایە دەكەوێتەوە هاوسەنگی ێاگرتووە !! بە پێچەوانەوە میدیای پڕفیشناێ ، بەر لە هەموو شتێك دەخوازێ بیر لە پێدانی زانیاری بكاتەوە كە ێگای خوێنەر و بینەر و گوێگر ێوون دەكاتەوە و دەبێتە بەشێك لە پێكهێنانی ێای گشتی..

ێژنامەنووسی پڕفیشناێ ێەچاوی پیشەییایەتی دەكا ، دەكرێ بەوە هەست بە بەرپرسیاریەتی بكا لە پیشەكەیدا ێاستگێبێ و دوور لە لێگرتنەوەی زانیاری لە خوێنەر و گوێگر و بینەر، یا هەێبژاردنی هەواێ و ێیپێرتاژ و ێاپێرتی دیكە بە شێوەیەكی بژاركراو (إنتقائی) و بایەخ نەدان بە زنجیرەی گرینگ و گرینگتر و گرینگترین ، لە هەێبژاردن و ێاوكردنەوەی هەواێدا كە ێێی كێەگەی ئەساسی دەبینێ، بەتایبەتی میدیای ێژانە.
ئەمەی دەگوترێ لە قاوخی (خوانەخواستە) ئامێژگاریدا نییە، بەقەد ئەوەی لە ئەزموونێكی ناقابیلەوە سەرچاوەی گرتووە.
هەر لێرەشەوە مێكی ێژنامەنووسی كارا و عاشق بە پیشەكەی، لەگەێ ێژنامەنووسانی ێبوار و بەێیكەر لێك هەێداوێردرێن ، بەتایبەتی لە كاتە هەستیارەكاندا كە هەێسوكەوتەكان لە شەوانی بێداری و ئێشكگریی بێ هەواێكی چەند دێری ، وەك ێژی ێوونك دەردەكەون .

ئاماژەیەك بێ میدیای حزبی لە كوردستاندا

سەیرایەتی هەێوەستە وەرگرتن لە هێنانەوەی باسی میدیای حزبی لەوەدایە وەك بێی بكەوینە بەرابەر دێوەزمەیەك ، لەكاتێكدا خودی ئەو میدیایەی خێی بە (ئەهلی) یا (بێلایەن) ناساندووە لە بنەێەتدا لە منداێدانی ئەو میدیایەدا هاتووە كە سەردەمێكی دوور و درێژ سەنگ و قوێسایی پێكهێنانی ێای گشتی لە ئەستێدا بووە ، مەبەستم ئەو سەردەمانەیە كە ململانێی سیاسی و قەومایەتی و تەنانەت

چینایەتیش لە کۆی ئەو میدیایەدا بووە کە بە (میدیای حزبی)یەوە دەیناسین.
بۆ کورد ئەو میدیایەی هەیبووە بارەکە قورستریش بووە ، هەم لە سەنگەری بەرەنگاری دەسەڵاتە سەرکوتکارەکان بووە ، هەمیش هۆیەك بووە لەڕاگرتنی باڵانسی زمان و کولتوورەکەی و گەشەی ئەدەبیاتی… ئەوی ڕاستیشە و دەخوازێ نەوەی نوێی لێ حاڵی بێ ، میدیای کوردی هەر لەدەسپێکەوە باوەکو لەسەر دەستی (ئەنتێلێجستا)ی سیاسی کورد بوو بێ ، بەڵام لە پاشاندا لە ڕێگای حزبەکانەوە پێگەیشتووە.

ئەگەرچی ئەو پێگەیشتنەیش بە گوێرەی هەل و مەرجی زاتی و بابەتی لە سەردەمێکەوە بێ سەردەمێکی دی جیاواز بووە ، بەوەی لەو نێوەندەدا ، لە لایەك بارودۆخی سیاسی و لە لایەکی دی پێشکەوتنی تەکنەلۆژی هۆنگ و ڕووی میدیای حزبی کاڵ کردبێتەوە ، بەڵام هەرگیز بەو مانایە نەبووە ، ئێستاشی لەگەڵدا بێ لە هاوکێشەکاندا پەڕاوێز بوو بێ ، چونکە تا ئێستاش ڕۆڵ و کاریگەری خۆی لە دەست نەداوە بەهەند وەرنەگیرێ ، ئەمەش دیارە ئەوەی وەك ئەلتەرناتیف خۆی نمایش کردووە ، لە گەڵ ڕووەوە ، وێنەیەکی پڕۆفیشناڵی پیشەیی دوور لە دەمارگیری و بێمنەتی لە خاوەندارییەتی و سپێنسەرایەتی پیشان بداا…

پێت سەیر نەبێ (ناڕەزام هەمووی) بەڵام ئێستاش لەو لایەنانەوە میدیای حزبی ڕووبەڕووتر و زیاتر جێی متمانەیە ، هەرچی نەبێ خوێنەر و بینەر و گوێگر دەزانن کە ئەو ڕۆژنامە یا کەناڵی تەلەفزیۆنە یاخود ئەو ڕادیۆ و سایتە لە کوێوە هاتووە و بەچ ئاراستەیەکە ، ئینجا هی هەر حزبێك بێ ، هەرچەندە من بەخۆم وای دەبینم کە دەبووایە تا ئێستا ئەو میدیایەش واتە (میدیای حزبی) گەیشتبوایە ئەوەی ببێتە (میدیای پێکهاتە) ، مەبەستیشم ئەوەیە هەر کەناڵێك بێ ئەوەی ناسنامەی ئاشکرای لەسەر بێ کە زمانحاڵی فڵانە حزبە یان فڵان لایەن ، لەخۆیدا لە ڕێگای بایەخدانی ڕۆژانەی بەو بیروبۆچوون و بۆچاوکردنەوەی ئەو هەواڵ و ڕاپۆرت و بەدواداچوونانەوە بناسرابووایەوە ، دیارە کە لە میدیای حزبی کوردیدا ئەمە نەبووە بەکو لەو ململانێ سیاسیە سەقەت و کورتبینانەوە سەرچاوەی گرتووە بە نموونە ناسیونالیزم و چەپ و ڕاستەو وچەپی ناوەڕاست و دیموکرات و سوشیال دیموکرات سنورەکانیان تێکەڵ نەکرابن.

هەر لەرەشدا میدیای حزبی بەتایبەتیش دوای ڕاپەڕین بە چەند ساڵێك ، ئەو هۆنەقەی جارانی نەما کە مینبەری داکۆکیکاری ئەو سیاسەتە ڕاگەیانراوانە بێ حزب بانگەشەی بێ دەکرد ، کار گەیشتە ئەوەی

تەنانەت لە ناو خودی حزبیش ئەوەندەی بایەخ بەو کەسایەتی یان ئەم دەدرێ بەوەی دی نادرێ کە زۆرجاران بەرپرسی لاپەڕە یا هەواڵ هەنگە بە مەبەست ئەمە بکا ، دەنا لە ڕووی پڕۆتۆکۆلییەوە من وەکو ئای خۆم لاریم لەوەدا نییە لە میدیای حزبیدا دەنگ و باسی ئەندامانی ئەو حزبە بڵاوبکرێتەوە ، بە مەرجێك ئەوەی بڵاو دەکرێتەوە بهێنێ و هەواڵ بێ.
بۆگومان میدیای حزبیش لە وڵاتێکەوە بێ وڵاتێکی دی دەگۆڕێ ، بە پێی چەشنی سیستەمی سیاسی و ئاستی پێشکەوتنی کۆمەڵ و ڕوانینی ئەو حزبە بێ فەلسەفەی گەشە و گۆڕانکاریەکان و شۆڕشی ئەو حزبە لە خاوەندارییەتی پرۆسەی سیاسیدا ، چونکە ئەگەر ئەو حزبە لە دەسەڵاتدا بێ میدیای جیاواز دەبێ لەگەڵ میدیای حزبێك ئۆپۆزیسیۆن بێ ، یاخود هەر بەدوایی لە دەرەوەی کێی پرۆسەکەدا بێ ، بە نموونە لە هەندێك وڵاتدا دەشێ بە پێی قانوونە کارپێکراوەکانی ئەو وڵاتە حزب هەبێت بەهەر هۆیەك هەیە ، مەڵەتی پێ نەدرێ ، لەو جۆرە حاڵەتانەدا میدیاکەیشی لە ڕووی ئاراستەکردنی ئای گشتی و هونەری چاپکردن و جوغرافیای بڵاوبوونەوە و ئیمکانیاتی وادەی بڵاوکردنەوە و تیراژوە سنووردار بێ(24).

ئەگەر نموونەیشت ویست هەر ئەم حزبانەی خۆمان کە ئەمڕۆ لە کوردستاندا لە ناو پرۆسەی سیاسیدان ، لەکاتێکدا لە ژێر حوکمی حکوومەتە یەك بەدوای یەکەکانی عێراقدا، لەو کاتانەدا کە کارکردنی بە ئاشکرایان لێ قەدەغە بوو ، تاکە هۆی ڕۆژانەی پەیوەندی میدیاییان ئادێ بوو، وەکی دی بڵاوکراوەکانیان هەندێ جار بە مانگ بەکو زیاتریش دوای دەرچوونی نەدەگەیشتە دەستی خەڵك ، دیارە ئەویش بە نهێنی.

بەڵام دیاردەیەك لە میدیای حزبیدا کە دەمەکە دەرکەوتووە ، بەتایبەتیش پاش (ڕاپەڕین) و دەرکەوتنی ئەوەی بە (میدیای ئەهلی) ناسراوە و کە لە ڕاستیشدا ئەو میدیایەش لە کوردستان جیاوازییەکی جەوهەری لەگەڵ میدیای حزبیدا نییە ، بەوەی میدیای حزبی بە ئاشکرا حزب سەرپەرشتی دەکا و خەرجیەکانی لە ئەستێ دەگرێ ، ئەوەی خۆیشی بە میدیای ئەهلی ناساندووە، بە هەر شێوەیەك هەیە ڕاستەوخۆ یا ناڕاستەوخۆ لە ژێر ئاراستەی سپۆنسەرەکانیدایە و باوەڕ ناکەم هیچ یەکێك لەو کەناڵانە کە وتمان بە (ئەهلی) خۆیان ناساندووە بتوانن لە ڕێنمایی باروبووکەرەکانییان لا بدەن ، ئەوەندە هەیە هەندێ لەو کەناڵانە ، زیاتر بە هۆی نواندنی جۆرێك لە پیشەییایەتی لە کارکردندا و هەندێ جار بەرنامەی جیاواز کە پشتر و (تاڕادەیەك)

ئەستاش لە میدیای حزبیدا نییە ، توانیویانە سەرنجی بەرامبەر (خوێنەر، گوێگر، بینەر) بەلای خۆیاندا ڕابکێشن ، دەنا وای نابینم پیشەییایەتی هەر ئەوە بێ ، تەنێ چەند ڕایەکی جیا لە سەکیەك کێبکەیەوە ، ئەو دیاردەیەش وەك لە پێشدا وتمان بە گشتی لە میدیای حزبیشدا کەم تا کورت دەرکەوتووە ، بە بەراورد لەگەڵ ئەو میدیایەی لە پاڵیدان ، بە هەموو جۆرەکانییەوە ، هەنگاوی شایان و دیاری نەناوە ، لەڕووی تەکنیکیەوە بێ یاخود دابین کردنی ئاسایەکی کراوەتر کە شەقڵ و نیشانەی سەردەمی نوێی پێوە دیار بێ .

میدیای بەڵایەن

مەبەست لە میدیای بەڵایەن و لایەندار ، لێرەدا هەر ئەوەنییە میدیایەك سەر بە حزبێکی یا لایەنێکی دیاریکراو نەبوو بەڵایەنە…
داخۆ لای ئێمە بەڵایەنی چۆن خوێندراوەتەوە؟
وەکو ڕای خۆم کە لە زۆر جێی دیکەشدا گوتومە ، وای نابینم لە سەرانسەری جیهاندا کەناڵێکی میدیای بەو مانایەی هەندێ بەو سادەییە دەیبینن بەڵایەن هەبێ ؛ هەر کەناڵێکی میدیایی دەگری لە (لایەن)ێکەوە باروبوو یا بە ئیستیلاحی ئێستا سپۆنسەر دەکرێ ، بە هەر و بێ هەر مەبەستێك بێ ، ئینجا ئەو (لایەن)ـە حزبێك یا کۆمپانیایەکی بازرگانی (گەورە یا بچووك) یا سەرمایەدارێك یا هەندێ جار ئابووری یاخود دەوڵەتێك یا دەزگایەکی دیاریکراو لە دەوڵەتێکی دیاریکراو (ناوخۆ یا دەرەوە) یان گرووپێك ، یان هەنگە دەزگایەکی هەواڵگری یا کەسایەتیەکی ناسراو و ناوداری دیاریکراو یان هەر خودی دەوڵەت بە بیانووی بەرژەوەندی گشتی و….تاد.

بەم جۆرەش بێت مومکین نییە میدیا ، (هەر کەناڵێکی میدیا) بتوانێت لەو هەڵە لابدات کە لە لایەن سپۆنسەرەکەیەوە بێ دیاری دەکرێ .
ڕاستە هەندێ لە میدیاکانی دونیا لە ڕووی کارکردن و پیشەییایەتی و بابەتایەتی و هەڵسوکەوتیان لەگەڵ ڕووداوەکاندا لە پێش هەندەکەی دی دایە ، ئەمەش زیاتر پەیوەستە بە ئاستی پێشکەوتوویی ئەو کۆمەڵگەیەی پەیامەکەی ئاراستە دەکرێ…
وەرە بە نموونە کەناڵێکی ئاسمانی وەك CNN وەرگرە، ئەو کەناڵە بەحساب (سەربەخۆ)یە و خاوەنی خۆی هەیە، بەڵام دیسان بە بیانووی بەرژەوەندی ئاسایشی نەتەوەیی تەنانەت لە وڵاتێکی وەك ئەمریکایش ، ڕۆگەی نەدرا وەك خۆیان دەیانویست ڕووداوەکانی 11 سێپتەمبەر بڵاوبکاتەوە، بە تایبەتی لە پێشان دانی قوربانییەکاندا ، ئەمەش

لەخۆیدا ئاستەنگێکی دی لا بەلایەوە گەیەی (سەربەخۆیی) و (بڵایەنی) و ئیدیعای لەو بابەتەی پێ دەسەلمێنرێ.

یان کەناڵێکی وەك (الجزیرە) کە ماوەیەکی زۆر بینەرگەلێکی لەدەبەدەری بۆ خۆی ڕاکێشابوو بەنام لای وردبین و شارەزایان هەر زوو دەرکەوت ، کەناڵێکی لایەنداری ئاراستەکراوە و هەرچی بڵاوی دەکاتەوە بە پێشینە و نەخشە بۆ داڕێژراوە ، هەرچی دەیخاتەڕوو ڕاستە ڕەنگە بۆ ماوەیەك تینوویەتی بینەرانی شکاندبێ ، بەڵام ڕێژەی نەماندی بەقەد تاڵە موویەك بە نەرێنی باسی باروبووکەرانی بکا کە دەوڵەتی قەتەرە ، لەکاتێکدا هەردەم سەری شاشە و بنی شاشەیان ئێممەتی عارەبی و دژی ئیسرائیل بووە ، ڕێژەی نەماندی باسی پەیوەندی دۆستانەی قەتەر و ئیسرائیل بکا ، یا باسی ئەو بنکە سەربازییە گەورەیەی ئەمریکا لە (قەتەر) بکا کە ئەوان لە (الجزیرە)دا بە ئیمپڕیالیزم دەیناسێنن ، یا هەواڵێك بڵاوبکاتەوە ، وا کەوتبێتەوە دژ بە قەتەر بوو بێت ، بێگومان ناتوانێ ، بە هۆیەکی زۆر سادە ، ئەویش چونکە کەناڵەکە دامەزراوی ئەو وڵاتەیە و بەشێکە لە ئاراستەکراوێکی نەخشە بۆ کێشراوی ڕای گشتی باوەکو لە هەندێ لە بەرنامەکانیشدا بە کێکردنەوەی دژەکان (کە زۆربەی جارانیش بەتەکبیر بووە) ئیدیعای بڵایەنی و بابەتایەتی کردبێ(25).

تەنانەت خودی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا ، پاش شەڕی کەنداو چەندان کەناڵی ئاراستەکراوی ڕاگەیاندنی تایبەتی بۆ هەمان مەبەست دامەزراند ، وەکو چۆن دوای جەنگی جیهانیش هەمان شتی کردبوو ، ئەو دەمەی میدیایەکی بەتایبەت ئاراستەکراوی ڕووەو ئەوروپای ئەوسا وەگەڕخستبوو.
نموونەی دیکەش زۆرن ، بینەر و خوێنەرو گوێگری وردبین هەر زوو دەزانێ فەرمانە کەناڵی TV یا ڕۆژنامە یاخود ڕادیۆ یا سایتی ئەنتەرنێت بۆ کێ و بۆچی و بە چ مەبەستێك کار دەکەن ، چوون بە ئاشکرا ئەوەی تێدا دەبینێنەوە کە چۆن هەواڵ و ڕیپۆرتاژ و ڕاپۆرتە هەواڵەکانیان هەڵدەبژێرن و بە چ ئاراستە و لە چ وەخت و بە چ مەبەستێك بڵاویان دەکەنەوە.

بەم شێوەیە هەر کەناڵێکی میدیایی ئەو سیاسەتە پەیڕەو دەکا لە (لایەن) ئەو لایەنەوە بۆی کێشراوە باربووی دەکا و خەرجیەکانی لە ئەستۆ دەگرێ و سپۆنسەر بۆ بەرنامەکانی و ڕێکلامی پێویستی بۆ پەیدا دەکا و ڕێگای دەستخستنی هەواڵی لە کاتێکی پێوانەییدا بۆ ئاسان دەکا یان هەندێ جار هەر خۆی دەبێتە سەرچاوەی هەندێ لە هەواڵەکانی ، بەتایبەتی ئەو هەواڵانەی دەستخستنیان ئاسان نییە ، نەمازە لە

وڵاتانی دواکەوتوودا ، کە قانوون دەورێکی لەو چەشنەی تێدا ناگێڕێ .

ئەمەش وەکو (ئاوت لاین) لە هەموو جیهاندا وایە ، لەگەڵ تێبینی ئەوەی لە پێشدا ئاماژەمان پێدا ، بە پێی ئاستی فەرهەنگیی کەمەڵ و هەروەها ئاستی بەرپرسیاریەتی ئەو ڕۆژنامەنووسانەی کاری تێدا دەکەن و عاقڵ پێ شکانی خودی سپێنسەرەکان لە شۆنێکەوە بۆ شۆنێکی دی و لە وڵاتێکەوە بۆ ئەوی دی بە گوێرەی سیستەمی فەرمانەوایی ئەو وڵاتەوە دەگۆڕێ ، دەنا لە شێوە گشتیەکەیدا خاڵی هاوبەش لە نێوی ئاراستەکردن و تەیارکردنی ڕای گشتی ، میدیای هەموو جیهان بە هەمان ڕەوتدا دەڕوا ، هەموویان سنووری تایبەت بە خۆیان هەیە ، هەموویان کە هەواڵ و ڕیپۆرتاژ بڵاودەکەنەوە بەو ڕادەوەیدا بڵاوی دەکەنەوە لە بەرژەوەندی باروبووکەردا دەبێ ، ئینجا تا چەند لە ڕاستی و بابەتایەتیەوە نزیکە وا پێ ناچێ بە گرفت خوێندرابێتەوە ، لەو ڕاستەڕا ئیتر میدیای حزبیش ئاراستەیەکی دیکەی وەرگرت ، ئیتر وای لێ هات هەر لایەنێك لە فەلەکی خۆیدا بخولێتەوە ، گەیشتە ئەوەی تەخوین کردن و یەکتر شکاندن بوو بە سیمای میدیای کوردی ئەوان ڕۆژان…

تا ئێرە و تا دوای وەستانی شەڕیش ، ماوەیەکی زۆر میدیا هەر ئەوە بوو حزبەکان بەڕێوەیان دەبرد ، پاشان دوای ماوەیەك ڕۆژنامەی (هاوڵاتی) وەك ڕۆژنامەیەکی (سەربەخۆ) و دوا بەدوای ئەویش چەند ڕۆژنامەیەکی دیکە و چەند کەناڵێکی ناوخۆیی خۆیان (بە ئیستیلاحی خۆیان) بە (ئەهلی) ناساند کە ئێستاش تێنەگەیشتم مەبەستیان لە (ئەهلی)دا چییە ، وەك لەپێشدا ئاماژەم پێداوە ، ئەگەر مەبەستیان (جەماوەر) یان (خەڵك)ـە، میدیای حزبیش (ئەهالی) و (جەماوەر) و (خەڵك)ی خۆیانیان هەبووە و هەیە ، خۆ ئەگەر مەبەستیان ئەوەیە (سەربەخۆ)ن ، لەسەر ئەو (خۆ)یە پرسیار دێتە پێشەوە ، داخۆ ئەو (خۆ)یە لە نێوی ئیشکالیەتی زمانەوە چی دەگەیەنێ؟ ئەو (خۆ)یە کێیە؟ کەس نەرکە کاردی نییە لەخۆوە هەڵتەقێ ، هەڕسوڕاندنی کەناڵێکی میدیایش تێچوو و کادر و خەرجی دەوێ… لەو باوەڕەشدانیم بەتایبەتی بۆ ئەوان ڕۆژان وەبەرهێنەرێکی وامان هەبووبێ عاقڵی بەوە شکابێ ، یاخود دڵی هاتبێ سەرمایەی خۆی لە پرۆژەی میدیادا بخاتە مەترسییەوە ، دیسان خەیاڵ لەوە زیاتر ناڕوا حزبەکان بووبن بە شۆوەیەك لە شێوەکان پشتگیری ئەو کەناڵانەیان کردبێ بەکەش و هەوایەکی واڵاتر لەوەی لە میدیای حزبیدا پەیڕەو دەکرا… ئاکام کەناڵ لەبەرابەر کەناڵ تا ئەوەی لە (ئەهلی) و (بڵایەن)ـەوە

میدیایەك پەیدا بوو بە (میدیای سبەر) ناسرا ، ئەمەش پێم وا نییە لە واقیعی ئەو میدیایە بە دوور بوو بێ.

مەسەلەکە لەوەش پەیپەوە و وای لێ هات خوێنەر و گوێگر و بینەری ئاسایش دەرك بەوە بکات فەرهانە ڕۆژنامە یا گۆڤار یا ڕادیۆ یا کەناڵی تەلەفزیۆن لە چ لایەکەوە پاڵپشتی دەکرێ، تەنانەت پەیداکردنی ڕێکلام و سپۆنسەریش بێ بەرنامەکانیان هەر بە هەوڵ و کۆششی ئەوانەوە بووە کە لە ئەساسدا باروبووی کەناڵەکە دەکەن...

لێرەدا جارێکی دی دەخوازێ ئەوە وەبیر بێنینەوە ئەستەمە لە سەرانسەری جیهاندا کەناڵێکی میدیایی هەبێ بە مانای وشە (بێلایەن) ، من بەخۆم بێلایەنی بەخەون دەبینم، خەونێکی خۆشە ، ڕەنگە ڕۆژنامەنووس هەبن خۆزگەی بێ بخوازن ، بەڵام خەونە ، واقیعی حاڵ شتێکی دیکەیە، بەڵێ ڕاستە لە ئاکامی پێشکەوتنی تەکنەلۆژیا و ئەوەی لەبازنەی ماس میدیا و سایتە ئەلکترۆنییەکان و پێگەیشتنی بەرەیەك ڕۆژنامەنووس میدیای کوردی بردە بوارێکی دی، بەڵام نیشانە بەو سیما و ئادگارانەی باسمان کردن وای نابینم هیچ لەو کەناڵانەی ئەمڕۆیش لە کارن، بەتایبەتی ئەوانەی خۆیان بە (ئەهلی) و (سەربەخۆ) و (بێلایەن) ناساندووە وابن...

لێرەش سایلی هەموو دونیا کەناڵی میدیایان حزبێك یا سەرمایەدارێك، کۆمپانیایەك، دەزگایەکی دەوڵەتی یاخود لایەنێکی هەواڵگری یا هەندێ جار ڕەنگە بازرگانێکی عادەتی باروبووی دەکا، ئێ خۆ ماقووڵیش نییە هەرێەك لەو لایەنانە پووڵ و پارەی خۆیان لە (هیچ)دا خەرج بکەن، ئەگەر پشت وا بێ بە خزمەتی فەرهەنگ و میدیای کوردیە ، ڕەنگە دەوڵەت وەك بەرپرسیاریەتی ئەوەی لەسەر بێ و لێشی بووشێتەوە کە ئەویش دووجار بەلای خۆیدا دەشکێتەوە ، دەنا لایەنەکانی دی ئەگەر خۆڕکی لێ نەبینن ئاسان نییە خاوەندارییەتی بکەن ، تەنانەت ئەمە وەك دەبینین باڵی بە میدیای کولتووری و وەرزشیش کشاوە...

بەڵام لێرەدا ناشبێ ئەوە نادیدە بگیرێ ، هەموو ئەو کەناڵانە ، حزبیەکانی لێ بترازێ کە بە ڕاشکاوی خۆیان ساغ کردووەتەوە ، دەڵێم هەموو ئەو کەناڵانە، بەو ستایلەیان کە تاڕادەیەك جۆرێك لە پیشەییایەتی و بابەتایەتی و خۆڕای لە گەیاندن لە هەندێ لە کارەکانییان هەوڵ دەدەن پەیڕەوی بکەن ، لێ لەو سەرەوە لە بیریان دەچێتەوە کە لە توانایاندا نییە ئەو سنوور و کەوشەنانە ببەزێنن بۆیان دیاری کراوە ، مەگەر لە هەندێ وتار و ڕپۆرتاژی ئاسایدا ،

سەرەڵای ئەوەش ئەو چەشنە کەناڵانە (کە دەڵێم کەناڵ مەبەستم لەهەموو جۆرەکانییەتی) زۆرجار لە ڕێی بڵاوکردنەوەی هەندێ بابەتی وروژێنەرەوە خوێنەر و گوێگر و بینەر بۆ خۆیان پەیدا دەکەن، یاخود بە هۆی هەندێ هەواڵی تایبەتیەوە کە لە بنەڕەتدا بە کاریگەریی و هەوڵ و پەیوەندیەکانی باروبووکارەوە دەستیان دەکەوێ بە مەبەست و بۆ مەبەستێکی دیاریکراو.
هەنگە بیرکردنەوەی هەندێ ڕۆژنامەنووس لە ئەساسدا بەو ئاراستەیە نەبووبێ کە کار لە کەناڵێکی لەو جۆرە دەکا ، بەڵام دواجار کە ڕۆچکەی خۆی وەردەگرێ ، بێ ئاگا، یان ئاگادار یا لە ناچاری بەو هەنگە دەشکێتەوە.
بەگومان سەرهەڵدانی ئەوەی پێی دەگوترێ (میدیای سڤبەر) کە هەمیشە خۆی بەسەربەخۆ و بڵایەن دەناسێنێ زادەی ئەو کاودانەیە بینیمان ، چۆن وەك (چەندایەتی) لە کوردستاندا بڵاوبووەوە و گەیشتە ئەوەی ببێ بە سەرچاوەی بژێوی زۆر کەس کە لەوانەیە هەندێکیان ئەزموونێکی وایشیان لەکاری میدیایدا نەبێ .!!

ماویەتی ....

_____

ئاماژە و پەراوێز

_____

23 – میدیای کوردی پاش ڕاپەڕین، چەند هەنگاوێکی جێی سەرنجی هاوێشت، دەکرێ بەهەردوو ڕووی ئەرێنی و نەرێنیەوە بیانبینین، لە پێشەوەیان وەگەڕکەوتنی چەند کەناڵێکی ئاسمانی ، لەوانیش چەند کەناڵێکی تایبەت بە منداڵان. هەروەها چەند سایتێکی ئەلکترۆنی دوای بڵاو بوونەوەی تۆڕەکانی ئەنتەرنێت و مۆبایل و پێشکەوتنە تەکنیکیەکانی دیکەی بواری گەیاندن ، یا ئەوەی بە ئیستیلاح پێی دەگوترێ (کۆمەنیکەیشن) کە ماس میدیاشی لەدوایدا لێ کەوتەوە و بەوەش میدیا مەودایەکی دی وەرگرت کە لە هەشتاکاندا و تا نزیکەی دوادواکانی نەوەدەکانی سەتەی ڕابردوو خەون بوو.
24 – لێرەدا مەبەست زیاتر لە میدیای نووسراوە ، چونکە دوای ئەو بەرەو پێشچوونە تەکنیکیەی گەیاندن و پەیدابوونی سایت و تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان نەك هەر حزبی ڕێگە پێنەدراو، بەکو تاك بەتاکی کۆمەیش دەتوانن بەشێوەیەك لەشێوەکان ڕای گشتی ئاراستە بکەن و لەهەر کوێی گۆی زەوی بن، ئەمەشمان لەزێر شۆنی دونیادا بەخۆمان بینی بەتایبەتی لەوڵاتانەی بە (بەهاری عەرەبی) ناسران، کە ماس

میدیا □□□کی کاریگەری لەئاراستەکردنی خ□پیشاندەراندا گ□ا .
25 – بە نموونە بەرنامەی (الاتجاه المعاكس) كە ماوەیەكی زۆر خەڵكی زۆری سەرقاڵ كردبوو.

مەرگی ش□□ش … بەختیار محەمەد

سوریيەكان هەرچەندە قوربانی دەستی ئەسەدن (بەعسن)، لەوەش زیاتر قوربانی دەستی گرووپە ئیسلامییە □ادیكا□ە تیرۆریستەكانی وەك داعش و بەرەی نوسرە و ئەحرارولشام و هەر هەموو ئەوانی دیكەن. ش□□شی سوریا ئیسلامییەكان لەناویان برد (ئەمان وایان كرد، كە ئەم ش□□شە لە □ووی نوودەو□ەتییەوە بایی پ□ویست پاڵپشتی نەكر□. □استییەكەی لەسەر دەستی ئەوان هیچ مانایەك بۆ ش□□ش نەمایەوە. ئەو ئ□پ□ز□سی□انەی سەربە بەرەی تورکیا – سعودیە – قەتەریشە، پ□ناچ□ فەلسەفە سیاسییەكەی لە فەلسەفەی سیاسی بەعس باشتر بۆ؛ كەواتە چ مانایەك بۆ ئامانجەكانی ش□□ش دەم□ن□تەوە؟).

بۆ گومان ئەگەر ئەم ش□□شە سەریش كەوتبا، هەر ئاكامی تراژیدیی لێ پەیدا دەبوو: شەڕی ناوخ□یەك دروست دەبوو، كە ئیسلامییەكان كۆمە□گەیان پ□ لە ترس و ت□قاندن و تیرۆر دەكرد؛ بە ناوی حوكمی شەریعەتەوە هەموو نەیارێكی خ□یان، یان سەرپ□چیكەرێكیان سەردەبڕی و جەڵد دەكرد؛ بە كورتییەكەی دۆزەخ□كی □استەقینەیان لەم وڵاتەدا دروست دەكرد (ئەوان هەشتا ئەسەد لەسەر حوكم بوو، شەڕی ناوخ□یان دژ بەم و بەو □اگەیاند: هەندەی پ□یان كرا شەڕیان لە دژی كورد كرد).

بەڵ□، پ□دەچوو هەڵی خەمساردی ئەمەریكا لە پاڵپشتی ئ□پ□ز□سی□ندا، ئیسلامییە تون□ەوەكان بووبۆ. سوپای سوریای ئازادیش بووە هەڵ□كی سەربازیی نابوود و نەیدەتوانی شەڕی ئیسلامییەكان بكا؛ واتە ئەمەریكا ئومێدی بەم هێزەش نەما.

هیچ گومانیش لەوەدا نییە ئەسەد (بەعس) هەرچەند د□ندە و وەحشی بۆ (كە دەزانین □ژ□مێكی دیكتاتۆری □ەگەزپەرستی فاشییە)، بەڵام هەشتا زۆر لە ئیسلامییە تون□ەوەكانی وەك نوسرە و داعش باشترە: ئەوەی كە سوریای (حەلەبی) وێران كرد، هەر تەنها ئەسەد و هاوپەیمانەكانی

نەبوون؛ بەکو ئۆپۆزسیۆنی ئیسلامیی تووندەو و هاوپەیمانەکانیشی بوون. ڕاستییەکەی خەکی سوریا (بە تایبەتی حەلەب) لە نێوان دوو بەرداشی ئەسەد و ئۆپۆزسیۆنە تیرۆریستەکەی و هاوپەیمانەکانیان هاڵدران و ورد و خاش بوون. لە ئاکامدا حەلەب بووە هێمای مەرگی شۆشی سوریا.

(٢٠١٦) … ناوی حەسەن

ئەی تەمەن لێرەدا بوەستێ
چ بەدبەختییەکی گەورە بوو
لە کاتێکی ناوەخت هاتینە دنیا
لەوەش بەدبەخت تر
بە نێو شەوکان و
بە هەورازە سەختەکانی
ئێم ساڵە شووەدا دا تێپەڕین
بە نێو کەڵان بە کەڵان و ژوور بە ژووری
ئێم ساڵە تاریکەدا تێپەڕین
بە نێو هەموو ڕۆژ و مانگ و وەرزەکانی
ئێم ساڵە بە سەرەدا تێپەڕی
ساڵێکی پڕ لە ئافات و پڕ لە جەنگ و پڕ لە مردن
ساڵێک / پڕ لە خنکاندنی خوێنکان
ساڵێک / پڕ لە ڕژاندنی چاوی ئازەکان
ساڵێک / پڕ لە مردنی مرازەکان
ساڵێکی خوێناوی و سوور سوور
ساڵێکی ڕەشی شووم شووم
ئەی تەمەن لێرەدا بوەستێ
بەم هەموو برین و زامەوە
چۆن دەڕۆی بە نێو ساڵێکی تر
بەم هەموو فرمێسک و گریانەوە
چۆن دەڕۆی بە نێو ڕووبارێکی تر
بەم هەموو خەمەش و خوێنەوە
چۆن دەڕۆی بە نێو تابلۆیەکی تر
ئەی تەمەن لێرەدا بوەستێ

ئارەقی شەرمەزاری بەژن
کە بەهاکانی /
هەموو ژیان و بوون و
بەهاکانی /
هەموو شتە جوانەکانت
بە لەسەر شستەکان و
لە نەو تونێل و زەرابەکان دا کەکەرەوە
ئەی تەمەن لەرەدا بوستە
ئەی مرۆڤ / لەرەدا بوستە و
پەتەک هەواسە بە خەت
بەم هەموو برسیەتی و ناهەنارەوە
بەم هەموو جەنگ و مردنەوە
بەم هەموو خوێن و خنکانەوە
بەم هەموو خەمەکی و شەتبوونەوە
بەم هەموو دەژان و تەشکانەوە
چەن دەڕەی بە نەو ساڵەکی تر
چەن دەڕەی بە نەو گەستانەکی تر
چەن دەڕەی بە نەو دەزەخەکی تر
ئەی تەمەن
تکایە لەرەدا بوستە
هەموو کاتژمێرەکان و
هەموو وەرزەکان و
هەموو ساڵەکانی
عەشق و موحیبەت تەپڵەین
لەرەدا بوستە ئەی تەمەن
مەڵە بە نەو ساڵەکی تر و
دەزەخەکی تر و مردنەکی تر
ئەی تەمەن / لەو نوختە هەشە بوستە زەتر مەڵە
لە نەو ئەم گەماوە هەشە پە خونە بوستە / زەتر مەڵە
لە نەو ئەم وەرزە هەشە وشکەبانییە بە گوڵگەنمە بوستە / زەتر مەڵە
لە نەو ئەم مەڵگە و مەزرا و مەرزە هەشانەی مردن بوستە / زەتر مەڵە
بوستە ئەی تەمەن
بەم هەموو بەرگە هەشەوە
بەم هەموو جەستە هەشەوە
بەم هەموو دەڵە هەشەوە

بەم هەموو خۆنە ڕەشەوە
بەم هەموو مژووە ڕەشەوە / بە کوە دڕێی
ساڕکی شووم شووم
ساڕکی ڕەش ڕەش
لەردا بوستە ئەی تەمەن
تا هەموو /
خنکان و مردن و کەچ و برسیەتی و ئافاتەکانت
دەبن بە بیرەوەری
لەردا بوستە ئەی تەمەن
تا دەبیت /
بە باخچەیەک لە ووناکی
بە تاڤگەیەک لە ئارامی
بە گوەدانەک لە خەندەی سپی
لەردا بوستە ئەی تەمەن
تکایە مڕێ
بە نەو ساڕکی تر و
بە نەو گڕستانەکی تر و
بە نەو دزەخەکی تر
تکایە مڕێ ئەی تەمەن
مڕێ تکایە …!

٢٠١٦ / ١٢ /٣١

کاری سەدەکانم … جەلال عەبدوڵا ساڵح

کاری من
سەینی پەنجەڕەی
ئارەزووی پاشا
تەماشای مژووی
جەنگی کۆشکەری
سەدەکان نییە

کاری من ئەویە
هەشت کاتژمێری
هەنگوینی
ژیان بفرۆشم
تا نیوەشەو دەخەوێت
چرکەی دڵی
مەکینەی کارگەکان بژمێرم
...
کاری من ئەویە
لە ڕۆژی زریاندا
وردبەمەوە
لە مێژووی فەلسەفەی
سۆفیزمی با
...
کاری من ئەویە
تاقی ڕۆشی
ژیان بەیەکەم
تاڵ نهێنی ڕەنگی
ئاو بگەم
...

کاری من
تامردن
گوێگرتنە
لە بیرەوەری گەرانی کچێک
وەک نهێنی سیحری شیعرێک
لە مناڵییەوە خەشم دەوێت
...
کاری من
ئاشت کردنەوەی
سیحری ڕەنگ و
باڵی شکاوی خونناوی
تاوسێکی غەمگینە
گرێدانی
دڵی تاڵکی پچڕاو و
تاڵی ڕۆحی
گیتارێکی نەخۆش

…
کاری من
سپاردنی نووقێی
بیرۆریکانی تۆیە
بۆ تاقی غەریبی ڕۆحم
…
کاری من ئەوەیە
وەک منار دەستی
کەمانێکی تۆنیا بگرم
بیبەمەوە بەماڵی
شایی و گەرانی

…

جەلال عەبدوڵا ساڵح

دوو دەق …دکتۆرە : ســـــــــجال ئەلرکابی … وەرگێڕانی: سەردار جاف

بەس نییە
گوڵك … بەس نییە
پەپولەیەك … سوود ناگەیەنێ
بە گەرمی خۆ ڕژدیم پێ مەبە
بەفر دڕاندێری تەنیوم
گیانی بۆ هێشیم …. بە سەر دنیایی
باهۆتا لێ بخە
شۆن هەڵدە
بەلایەکدا دەتوینەوە

ئاخێ گەردەلوول نزیك دەبێتەوە
بە گڕانییەوە خۆ بادەدەی …. وادەزانم

کەفولی تینوێتی
لە نێو قەدی پیتەکانا ... بشکێ
سانایەکەی
تیکچڕانی پیتەکانە ماندووت دەکا
پیتە هێمادارەکان
جگە لە
ئاوێزانبوونی ڕشنایی
چیدیکە نییە
وشەکانی لە سەروو هەنگدانەوەی هاژەیە
کچی کێگە
پەنجەکانم ... بای باران دەژەنێ
خەم لێ لا دەدەی
پەیگیری هەواڵی کەشوهەوا بە ... گەردەلوولەکە نزیك دەبێتەوە
گەر وتت بەسە
چۆن یاساغی کەم
بە شوشەیی دڵی شکاوم

سیستمی تەندروستی داهێنانێکە و پزیشکەکانمان سوپەرمان ... کامەران چروستانی

بەڕێوبەری نەخۆشخانەیەکی منداڵبوونی حکومی لەناو نەخۆشخانەیەکی منداڵبوونی کەرتی تایبەتدا گیان لەدەست دەدات و دەمرێت.
بە وەزارەتی تەندروستی ئاگەر واقیعییانە ئەم هەواوە هەبسەنگێنێت بۆوا ناکەم کارساتی گەورەتر هەبێت.
بۆیە ئەوەی خەمان بخەینە ناو دەریای بڕاوردکردن لەگەڵ وڵاتانی هەژار یان پشکەوتووی دیکە، ئاگەر تەنها بە وردبینییەوە تەماشایەکی سیستمی تەندروستی بکەین، ئەوا قەیرانەکانی ئەو سیستمەوون و ئاشکرا دەردەکەون بۆیە ئەوەی پەویست بکات لەو بوارەدا یان بوارێکی دیکەدا مرۆڤ پسپۆر بێت. سکاڵا و ڕەخنە و نەبوونی متمانەی هاووڵاتی بەو سیستمە باشترین بەڵگەن.

